کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 1:40  بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## چەند سەرنجێک دەربارەی نووسینەکەی تارا خۆشناو... م. عەونی خۆشناو

لەسەرتادا دەست خۆشی لە خاتوو تارا و هەمووئەو نووسەرانە دەکەم کەدەیانەوێت پەردە لەسەر کەم وکوڕی وگەندەڵیەکانی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەلدەماڵن، بەلاّم پێش ئەوەی پەنجەی گومان بۆ سەر هەر کەسێک ودەزگایەک درێژ بکرێت، پێویستە زۆربەوردی لێکۆلینەوەی لەسەربکریت، بۆئەوەی کەسانێکی دڵسۆزو ماندونەناس ناویان نەزڕێت و وە پێویستە کەسە گەندەڵەکان دەست نیشان بکرێت. بەڕیزت لەلایەک گەندەڵیەکەت خستۆتە پاڵ جەنابی وەزیرو لەلایەکی تریش پرسیاری نرخی دوو ئامێرەکەی لێ دەکەی، ئەوەی لای من و خوێنەران ئاشکرا نی یە ئەوەیە جەنابی وەزیر ئەو $65 دەفتەر دۆلارەی لەکوی وەرگرتووە.. دەربارەی گەندەڵی دووەم پرسیاری نرخی ئەو دوو ئامێرەت کردووە، گوایە جەنابی وەزیر لە کڕینی ئەو دوو ئامێرەش گەندەڵی کردووە، بەلاّم ئەمە کاری لێژنەی کڕیارە ئەوان دوای پرسیار کردن ئەوجا بە شێوەی تەندەر کڕاوە نەوەک خودی وەزیر کارەکەی ئەنجام دابێت، جونکە بەپێی ئەو زانیاریانەی لای هەموو خەڵکێک ئاشکراوو ڕوونە لەهەر دامودەزگایەک یاخود وەزارەتێک لیژنەیەک یان بەڕێوەبەرایەتیەک هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانە بۆ دەبێ تەنها لە وەزارەتی تەندروستی وەزیر کاری کڕین و تەندەر بکات، ئەوەی لای من جێگای گومانە ئەوەیە ئەو ماستە موویێکی تێدایە و دەستێک لەپشت ئەو گەندەڵیە هەیە، بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەست من گەیشتووە گوایە جەنابی وەزیرچەند گۆڕانکاریەکی لە وەزارەت کردووەو ڕێگریەکی زۆری هاتۆتە پێش، چونکە خۆتان ئاگادارن پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کەم وکوریەکی زۆر هەبوو لە وەزارەتی تەندروستی پێشوو هەرلەکڕینی داوودەرمانی بەسەرچوو کڕینی ئامێری خراپ ودروست کردنی بنکەی تەندروستی نەشیاوو دەیان شتی تر.. من لەوە دەترسم ئەو دەستە چەورەی پێشوو بەسەر وەزیرێکی ماندونەناسی وەکو د. زریان بسڕن، چونکە ناوی ئەو بەڕێزە لەگوێچکەی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) و دانیشتوانی ناوچەی خۆشناوەتی دەزرینگێتەوە لەچاکەو بوێری و پیاوەتی و شۆڕەشگێری و خۆڕاگری ئەو بەڕێزە، چونکە ناوبراو دەستی لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی هەڵگرت و خۆی بۆ سەنگەری شۆڕەش و بەرخودان و چارەسەرکردنی خەڵکی ڕەش وڕووتی کوردستان تەرخان کردبوو.. زۆر ستەمە کەسێکی وەکو د. زریان لەسەردەمێکی دژواری کوردستان ئەوە هەڵوێست و سۆزو وەفایی بێت بۆ گەڵ و نیشتیمان چۆن ئەمڕۆ ڕابردووی خۆی وون دەکات و بەئاسانی مشەخۆرو گەندەڵ دەردەچێت.. بۆچی بەڕێزت داوات لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبی ئەو وەزیرەت کردووە کە چاوبە تەندەرەکانی وەزارەتی تەندروستی بخشێنەوە بۆ ئەو داوایەت ئاراستەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە. ئایا ئەمە ئەرکی پەرلەمان وحکومەت نی یە؟.. خۆزگە خاتوو تارا چۆن بەزەرەبین بەدوایی کەم وکوڕیەکانی وەزارەتی تەندروستی دەگەڕێت ئەوهاش ڕوپێویک بکات بۆ وەزارەتی شارەوانی پێیان بڵێت ئەرێ ئەو هەموو پارچە زەوییە گران بهانەی هەولێر لەسەر کوێ تاپۆ کران ئەو هەموو ڤیلە گران بهانەی سەر ڕێگای هەولێر مەسیف بەپارەی کوێ بنیادنران لەدەزگا پڕۆژە تایبەتیەکانی هەولێر بپرسێ 50% قازانجی پڕۆژەکان بۆ کوێ دەچێ ئەو هەموو پارەیەی لەبودجەی حکومەت بۆ کڕینی دەنگەکان لەگیرفانی کوێ دەردەچێت ئەو هەموو پارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کەبە ناوی هونەرمەندان سەرف دەکرێت بۆ کوێ دەچێ دەیان شتی تر..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هیوادارم نووسینەکەی من سلّت نەکاتەوەو بەدوای هەموو ڕەخنەکانی منیش بگەڕێیت و لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاوی بکەیتەوە، بۆئەوەی دیاریدەی گەندەڵی بنبڕ بکرێت.. بەهیوای ئەوەم ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو گەندەڵچیەکانی کوردستان ڕاپێچی بەردەمی دادگا بکرێن و وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەنەوە..

ڕێزو خۆشەویستیم قبوڵ بکەن..
پێشمەرگەی دێرین
م. عەونی خۆشناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.